https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.16

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# کاریگەریی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا لەلایەن قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیی (کچان) و گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار

ڤیان محمود حمد

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

Vianmahmud87@gmail.com

پ. د. حسین سعدی ئیبراهیم

زانکۆی صلاح الدین, کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشییەکان,

ڕێگاکانی وانەوتنەوە

hussein.ibrahim@su.edu.krd

پ. ی. د. سیروان عارب صادق

زانکۆی صلاح الدین، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، جوگرافیا

serwan.sadiq@su.edu.krd

**پوختەی توێژینەوە**

**ئامانجی توێژینەوە:**

خستنەڕووی کاریگەریی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە تواناکانی قوتابییانی کچی پۆلی هەشتەم لە دەستکەوتی زانیاری و وەرگرتنی بڕیار لە قوتابخانەی ڕۆزەی بنەڕەتی لە پارێزگای هەولێر، ڕێبازی گونجاو بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی ئەزموونییە، توێژەر پشتی بەست بە نەخشەسازی ئەزموونی بۆ دوو کۆمەڵە: (کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو)، بە شێوەیەک کە کۆمەڵەی ئەزموونی بە نموونەی پۆسنەر وانەیان پێگوتراوە، و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراویش وانەیان پێگوتراوە بە ستراتیژیەتی فێربوونی ئاسایی، و لە کۆتاییشدا تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری بۆ هەردوو کۆمەڵەکە ئەنجامدراوە، توێژەر هەگبەی ئاماری (Spss – Version26) بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان، پاش چارەسەری ئاماری بۆ داتاکان، لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا کاریگەریی کارا و بەرچاوی هەیە لە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەسەر دەستکەوتی زانیاریی قوتابییان و توانای وەرگرتنی بڕیار بەراورد بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئاسای.

**لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی سەرەوە، کە ئەم توێژینەوەی ئێستا پێیگەیشتووە، توێژەر ڕادەسپێرێت:-**

بەکارهێنانی نموونەی (بۆسنەر) لە گوتنەوەی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی شانبەشانی ستراتیژە نوێیەکانی تری

وانەگوتنەوە، پێویستە ئەو مامۆستایانەی وانەی بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی دەڵێنەوە ڕابهێنرین لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە ڕێگەی خولی شیاندنەوە.

وشە کلیلییەکان (نموونەی پۆسنەر، دەستکەوتی زانیاری، وەرگرتنی بڕیار)

## کاریگەریی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا لەلایەن قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیی (کچان) و گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار

### 1 – ناساندنی توێژینەوە:

### 1. ١ پێشەکی و بایەخی توێژینەوە:

لە پرۆسەی وانەوتنەوە پێویستە نامەیەکی کاردانەوە هەبێت لەنێوان مامۆستا و قوتابی و لەم پرۆسەیەدا پێویستە مامۆستا پەیامنێری نامەکە بێت و قوتابیش جارێک وەرگربێت و جارێکی تر پەیامنێری نامەکە بێت، مامۆستاش وەرگربێت و هەردووکیشان دەبێ هەم پەیامنێری باش بن و هەم وەرگری باش.

گرنگە ژینگەیەکی فێرکردن لەنێو پۆلی وانەوتنەوەدا دروستبکرێت کە قوتابییان هەست بە گرنگیی زانست و بەکارهێنانی بکەن بۆ گۆڕینی ژینگەی دەوروبەری خۆیان بۆ ئەوەی مانایەکی هەبێت بۆیان.

هەروەها پێویستە ستراتیژییەکانی وانەوتنەوە و شێوازەکانی، کار لە ژینگەی فێرکردن بکەن بۆ ئەوەی قوتابییان بەرەو زانست و گرنگیپێدانی زانیاری ببەن (Hewson and others,1994;23) (Niaz,1995;67).

نموونەی پۆسنەر پێشنیازێکی بۆ گۆڕینی چەمکەکان ئاراستەکردووە، بنەمای سەرەکیش کە پشتی پێ دەبەستێت وەکو یەکەیەکە کە کاریگەری هەیە لەنێوان گۆڕینی چەمک لەلایەک, و نمایشکردنی زانستی و فێکردنی تاکەکان لەسەر بنەما زانستییەکان، لەلایەکی ترەوە.

بۆیە توێژەر نموونەی پۆسنەری بەکاریهێناوە وەکو شێوازێکی چارەسەر و ستراتیژیەتێکی گونجاو بۆ پێشکێشکردنی چەمکێکی زانستیی ڕاست و دروست، سەبارەت بە گەشەسەندنی تواناکانی قوتابییان بۆ جیاکردنەوە لەنێوان چەمکی کۆن و نوێ بە شێوەیەکی باش لەلایەک، وەرگرتنی ئەم چەمکە نوێیە بە شێوەیەکی تەواو. لەلایەکی ترەوە، بە ڕێگای بەراوردکردنی چەمکی نوێ لەگەڵ چەمکی کۆن و بەرزکردنەوەی چەمکی نوێ لەسەر کەمیی ئاست و بەهای چەمکیی کۆن. بۆیە نموونەی پۆسنەر بۆ گۆڕینی چەمکەکان لەهەندێ توێژینەوەی پەوەردەیی وەکو توێژینەوەکانی (البلعاوی ٢٠٠٩،السید ٢٠٠٨، البیاری ٢٠١٢) گرنگییەکی زۆریان پێدراوە کە هەر هەموویان گرنگی و کاریگەریی وانەوتنەوە لە چوارچێوەی نموونەی پۆسنەریان سەلماندووە.

نموونەی پۆسنەر داکۆکی لەسەر بنەمای دەستنیشانکردنی زانیاریی پێشو لەلایەن قوتابییانەوە دەکات، بۆ ڕاستکردنەوە یان هەموارکردنەوەی، چونکە بنەمای هەڵقوڵاوی زانینی نوێیە (فلبس، ٢٠٠٩: ١٢)، ئەم ستراتیژییە هاوبەندیی نێوان چەمکەکانە، چەمکە ڕاست و دروستەکان لە چەمکە هەڵەکان جیادەکاتەوە لەلایەن قوتابییان، بە ڕێگای هاندانیان بۆ گەڕان بەدوایی چەمکی ڕاست و دروست، چونکە چارەسەری کێشەکان نەک

تەنها دیارکردنی هەڵەکەیە، بەڵکو هێنانەکایەی ڕەوشێکە کە چەمکە هەڵەکان لەگەڵ چەمکە زانستییە ڕاستەکان هاودژ دەبن. ( Konold, 1993, 32)، لەگەڵ هێنانەکایەی دەرفەتی وانەوتنەوە و فێرکردن کە کاردانەوەی قوتابییان لەگەڵ زیاتر دەکات و هەستێک لەلایەن دروستدەبێت کە پێویستییان بە فێربوونی زیاتر هەیە و بۆیان دەردەکەوێت کە چەمکی هەڵە ناتوانێت کێشەکانیان چارەسەر بکات. لەوکاتە قوتابییان هەست بە چەمکە هەڵەکانیان دەکەن و ڕاستی دەکەنەوە بۆ بیناکردنی زانیارییەکانیان. (Stafylidou & Vosniadou, 2004: 13)

ئەم شێوازەی وانەوتنەوە پێویستی بە (٤٠) خولەکە بۆ جێبەجێکردنی هەر وانەیەک.

جوگرافیا بە یەکێک لە گۆڕەپانەکانی زانستی دەژمێردرێت کە گرنگی بە گەشەسەندنی بەهرە کۆمەڵایەتییەکان دەدات (عبابنة، ١٩٨٧: ٢٣)، خواستی پەروەردەیی بۆ گرنگیدان بە بابەتی جوگرافیا بەهۆی ئەوەیە بە یەکێک لەو وانانە دەژمێردرێت کە پێگە و ئامانجی پەروەردەیی هەیە، کە هاوبەشی دەکات لە گەشەسەندنی کەسایەتیی قوتابییان، وانەوتنەوەی بە ئامانج و چالاک بۆ ئەم بابەتە دەتوانێت گەشە بە کۆمەڵێک لە بیرۆکە و

هونەری وەرگرتنی بڕیار هونەرێکی کۆنە بە کۆنیی مرۆڤایەتی، لەو کاتەی مرۆڤ هەبووە و هەستی بە بوون و ژینگەی گەورەبوونی تایبەتی خۆی کردووە، بڕیار ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە چالاکی و کار و بەشەکانی ژیانمان ئەوجا ئەو بڕیارانە ئەگەر بە توێژینەوە بدرێن یان بەبێ توێژینەوەکردن بدرێن، ئەنجامەکانی ئەرێنی بێت یان نا، بڕیارەکان ئەدای سەرەکین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرفەت و ڕکابەرییەکان (الحوراني،٢٠١٣: ٢).

جێبەجێکردنی نموونەی پۆسنەر لە بابەتی جوگرافیا، هاوکات ڕوونکردنەوەی بابەتەکە بە شێوازێکی چڕ, و بواردان بە قوتابی بۆ ئەوەی بڕیار بدات لەسەر تەواوی بابەتەکە و وانەکە، کە کاریگەرییەکی یەکجار گەورەی دەبێت لە هێنانەدیی تەواوی ئامانجە زانستی و پەروەردەییەکان، بە تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکە، هەروەها متمانەبەخۆبون و سەرکەوتن. ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ:

1. جێبەجێکردنی نموونەی پۆسنەر لە وانەوتنەوە، بە مەبەستی ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە چەمکەکان و وەرگرتنی تێگەیشتنێکی زانستیی ڕاست و دروست، بەپێی زانیارییەکانی توێژەر ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەم ستراتیژیەتە کەمە.

2. توێژینەوەکە وەڵامێکە بۆ ئاڕاستە هاوچەرخەکان کە داوای گرنگیدان بە نموونەی پۆسنەر دەکەن وەکو یەکێک لە چارەسەرییە گرنگ و پێویستەکان بۆ پرۆسەی وانەوتنەوە و فێرکردن، هەروەها گونجاویشە لەگەڵ سروشتی ئەم سەردەمە کە گرنگی بە کارامەییەکان دەدات لە بابەتی جوگرافیا.

3. سوودی هەیە بۆ مامۆستایانی بابەتی کۆمەڵایەتی، چونکە نموونەیەک پێشکێشدەکات کە گرنگی بە فێرکردنی قوتابییان لەسەر چۆنیەتیی بیرکردنەوە دەدات، تاوەکو قوتابییان توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشە و کۆسپانەیان هەبێت کە تووشی خۆیان و کۆمەڵگا دەبن.

### ١-٢ کێشەی توێژینەوە:

ئاڕاستە هاوچەرخەکان لە بواری پەروەردە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قوتابی بنەمای سەرەکییە لەنێو پرۆسەی فێرکردندا. بەڵام واقیعی مەیدانی شێوازی وانەوتنەوە جەخت لەسەر شێوەی کلاسیک و ڕۆڵی سەرەکیی مامۆستا دەکاتەوە و ڕۆڵی قوتابی پشتگوێ خراوە وەکو فاکتەرێکی کاریگەر لە پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

لە ئەنجامی گرنگینەدانی مامۆستا لە بواری پەروەردەیی وەکو نزمبوونی ئاستی دەرچوونی قوتابییان و هانندانی بیرکردنەوەیان، لە بەکارنەهێنانی ستراتیژیەت و شێوازەکان کە هۆی وروژاندیانە سەبارەت بەو کێشانەی کە ڕووبەڕوویاندەبنەوە، بۆیە پێویستە ئەو ستراتیژیانە جێبەجێبکرێن کە پێداویستیی قوتابییان دابیندەکات، کە ئەمە دەبێتە هۆی گەشەسەندنی تواناکان و بیرکردنەوەکانیان و ڕەنگدانەوەشی دەبێت لەسەر ئاستی دەرچوونیان.

توێژەر پێیوایە کە وانەوتنەوە بە ڕێگای بەکارهێنانی نموونەی پۆسنەر، ئامانجی بەدەستهێنانی زانست و کارامەییەکانی قوتابییانە، لەژێر ڕۆشنایی ئەم بەها و شێوازانە کێشەی ئەم توێژینەوەیە سەریهەڵداوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی خوارەوە بداتەوە:

1. ئایا وانەوتنەوە کاریگەر دەبێت بە جێبەجێکردنی نموونەی پۆسنەر لە وەرگرتنی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا لەلایەن قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی؟

2. ئایا وانەوتنەوە کاریگەر دەبێت بە جێبەجێکردنی نموونەی پۆسنەر لە گەشەکردنی توانای وەرگرتنی بڕیار لەلایەن قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی جوگرافیا؟

### ١-٣ ئامانجی توێژینەوە:

1- خستنەڕووی کاریگەریی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە تواناکانی قوتابییانی کچی پۆلی هەشتەم لەسەر وەرگرتنی بڕیار لە قوتابخانەی ڕۆزەی بنەڕەتی لە پارێزگای هەولێر.

2- ئاشکراکردنی کاریگەریی وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە دەستکەوتی زانیاری لە بابەتی جوگرافیا - لەلایەن قوتابییانی کچی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیی قوتابخانەی ڕۆزە لە پارێزگای هەولێر.

### ١-٤ گریمانەی توێژینەوە:

بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گریمانەکانی بەم شێوەیە خوارەوە داڕشتووە:

### 1-4-1 گریمانەی یەکەم:

جیاوازی واتاداری ئاماریی نییە لە ئاستی هێما (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) بابەت وەردەگرن، و ناوەندی نمرەی وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کۆمەڵەی کونترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی پەیڕەوکراو وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.

### ١-٤-٢ گریمانەی دووەم:

جیاوازیی واتاداری ئاماریی نییە لە ئاستی هێما (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) بابەت وەردەگرن، و ناوەندی نمرەی وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کۆمەڵەی

کونترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی پەیڕەوکراو وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

### ١-٤-٣ گریمانەی سێیەم:

جیاوازیی واتاداری ئاماریی نییە لە ئاستی هێما (٠.٠٥) لە دەستکەوتی قوتابییان لە بابەتی جوگرافیا لە نێوان ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) بابەت وەردەگرن، و ناوەندی نمرەی قوتابییانی کۆمەڵەی کونترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی پەیڕەوکراو وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

### ٥- سنووری توێژینەوە1:

سنووری توێژینەوەکە ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

**١-٥-١ بواری مرۆیی:** قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی.

**١-٥-٢ بواری شوێن:** قوتابخانەی ڕۆزەی بنەڕەتیی کچان، ساڵی وانەوتنەوە (٢٠٢٠ - ٢٠٢١).

**١-٥-٣ بواری کات:** ٧ / ٢ / ٢٠٢١ دەستیپێکرد و لە ڕێکەوتی ١ / ٤ / ٢٠٢١ کۆتایی‌پێهات.

### ١-٦ دەستنیشانکردنی دەستەواژەکان:

**١-٦-١ نموونەی پۆسنەر:** پۆسنەر (posner) پێناسەی کردووە کە پرۆسەیەکە بە ڕێگای ئەوەوە زانیاریی هەڵە لەلایەن تاک بە تێگەیشتن و زانیاریی ڕاست و دروست دەگۆڕێتەوە، کە گونجاوە لەگەڵ بنەما و

پرۆسەی فێرکردن بۆ هێنانەکایەی فێرکردنێکی کاریگەر. (posner,1982:240)

پێناسەی توێژەر بۆ نموونەی پۆسنەر:

پرۆسەی گۆڕینی تێگەیشتنی چەمکەکانە کە بەهۆیەوە چەمکێکی زانستیی ڕاست جێگای چەمکێکی هەڵە لەم بوارەدا دەگرێتەوە. ئەم توێژینەوەیە ئاشکرای دەکات کە قوتابی لە کاتی وەڵامدانەوەی بڕگەکان، وەڵامی خۆی لە دەستنیشانکردنی چەمک و تێگەیشتنێکی هەڵەوە دەگۆڕێت بۆ دەستنیشانکردنی چەمک و تێگەیشتنێکی ڕاست.

**٢- بابەتی تیۆری و توێژینەوەکانی ڕابردوو:**

**٢-١ بابەتی تیۆری:**

نموونەی پۆسنەر گۆڕینی چەمکی هەڵەیە بە چەمکێکی زانستی لەلایەن تاکەوە بە دوو قۆناغ دەکرێت:

١. قۆناغی ئاشکراکردنی چەمکە هەڵەکان لەلایەن تاکەوە.

٢. قۆناغی بەکارهێنانی شێواز یان ستراتیژیەتێک بۆ چارەسەرکردن و پێشکێشکردنی چەمکە ڕاست و دروستەکان. (صبارینی واخرون، ١٩٩٢: ١٩)

(مطر، ١٩٨٨) پێناسەیکردووە: پرۆسەی دەستبەردانی قوتابییانە لە زانیارییە پێشووەکانیان سەبارەت بە چەمکە زانستییە هەڵەکان و وەرگرتنی چەمکە زانستییە ڕاستەکان. (مطر، ١٩٨٨:٧١). هەروەها (Smith,1993)پێناسەی کردووە بە: دووبارە ڕێکخستن یان گۆڕینی چەمکەکان لە چوارچێوەی چەمکەکانی قوتابی کە گونجاو بێت لەگەڵ زانستی نوێ.(Smith,1993: 111)

**٢-١-١ هەنگاوە هەمواركراوەكانی نموونەی پۆسنەر:**

1-كارلێككردن (Interaction): واتە كارلێككردنی چەمكە نوێیەكانە لەگەڵ چەمكە كۆنەكان لەلایەن قوتابییەوە.

2-جیاكاری (Differentiation): بریتییە لەوەی كە قوتابی توانای ئەوەی هەبێت بتوانێت چەمكە ڕاست و دروستەكان لە چەمكە هەڵەكان جیابكاتەوە.

3-ئالوگۆڕی :(Exchange) گۆڕینی تێگەیشتنی هەڵە بە تێگەیشتنێكی ڕاست و دروست بۆ چەمكەكان.

4-پێكەوەگرێدانی چەمكەكان (بیرۆكەكان) (Conceptual Brdging) كەواتە هێنانەكایەی ژینگەیەک بۆ چەمكەكان كە هاوكاریی پێكەوەگرێدان و شیكردنەوەی چەمكە نوێیەكانی دەكات بە شارەزایی و بە ماناوە. (الجهنی،١٤٧١:٢٠٢٠) (الرياطی، ٢٠١٥: ٢٧)

**هەنگاوە هەمواركراوەكانی نموونەی پۆسنەر لەم توێژینەوەی بەردەستدا بریتییە لە:**

**یەكەم:** پێداچوونەوەو بیرهێنانەوەی وانەی پێشوو بەیەكەوەبەستنەوەی بە وانەی نوێ لە لایەن مامۆستا.

**دووەم:** وروژاندن و ئاڕاستەكردنی پرسیار لە سەر بابەتی نوێ لەلایەن مامۆستا.

**سێیەم:** گفتوگۆی وەڵامەكان و دیاریكردنی چەمكە هەڵەكان و ڕاستكردنەوەیان لە نێوان مامۆستا و قوتابی.

**چوارەم:** گۆڕینی چەمکی هەڵە بە چەمکی ڕاست و باوەڕپێکراو لەلایەن قوتابی.

**پێنجەم:** باوەڕبەخۆبوون و بڕیاردان لەسەر وەڵامە ڕاستەکان و بەیەکەوەبەستنەوەی چەمکەکان لەلایەن قوتابی.

**شەشەم:** هەڵسەنگاندنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتی نوێ بە ئاڕاستەکردنی پرسیاری هەڵسەنگاندن لە لایەن مامۆستا.

**٢-١-٢ مەرجەکانی نموونەی پۆسنەر:**

پۆسنەر چەند مەرجێکی پێویستی دیاریکردووە بۆ گۆڕینی چەمکە کۆنەکان بە چەمکە نوێییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. پێویستە قوتابی لە چەمکی هەڵە ڕازی نەبێت.

2. پێویستە چەمکی نوێ ڕوون و باوەڕپێکراو بێت بۆ قوتابی.

3. پێویستە چەمکی نوێ بەسوود بێت بۆ قوتابی و بتوانێت بە ڕێگای ئەوەوە چارەسەری ئەو کێشانەبکات کە ئەو کات نەیتوانیوە بە چەمکی هەڵە چارەسەریان بکات (Posner, 1982:214).

**٢-٢ توێژینەوەکانی ڕابردوو:**

یەکەم: توێژینەوەی خضیر (٢٠١٣):

(کاریگەریی نموونەی پۆسنەر لە ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکانی تایبەت بە ڕێزمانی) (زمانی عەرەبی لەلایەن قوتابییانی کچی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی)

بۆ گەیشتن بەم مەبەستە توێژەر پشتی بە دیزانێکی ئەزموونی بەستووە، بۆ خستنەڕووی ئەنجامی کاریگەریی نموونەی پۆسنەر بە تاقیکردنەوەی هەر دوو گرووپ، بە شێوەی تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی، توێژەر (٦٣) قوتابیی کچی لە قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی قوتابخانەی ئاسیا وەرگرتووە، کە نوێنەرایەتی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی کردووە، و تاقیکردنەوەی ئەنجامداوە بۆ هەردوو گرووپ، بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک (٣١-٣٢) قوتابی بوونە و توێژەر تاقیکردنەوەی کەسایەتی بۆیان ئەنجامداوە سەبارەت بە چەمکە هەڵەکان، و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە جیاوازی بە هێمای داتا لە ناوەندی نمرەکانی گرووپە تاقیکردنەوەکراوەکان هەیە لە بەرژەوەندیی گرووپی ئەزموونی تاقیکردنەوەی پاشەکی، سەبارەت بە تاقیکردنەوە لە چەمکە هەڵەکان و توێژەر دووپاتیکردۆتەوە کە ئەنجامەکانی بەم شێوەیە:-

-پێویستە چەمکە هەڵەکان لەلایەن قوتابییان دەستنیشانبکرێن و هەر لە سەرتاوە هەژماربکرێن، و ئەمە بە کێشەیەکی ڕووندانراوە کە پێویستە چارەسەربکرێت.

-نموونەی پۆسنەری بەکارهێناوە بۆ ڕاستکردنەوەی چەمکە هەڵەکان لە بابەتی ڕێزمانی زمانی عەرەبی و ئاگادارکردنەوەی قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەسەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی نموونەی پۆسنەر.

دووەم: توێژینەوەی العلیمات (٢٠٠٨):

(کاریگەریی وانەوتنەوە لە بەکارهێنانی نموونەی پۆسنەر بۆ گۆڕینی چەمکە کیمیاوییە سەرەکییەکان لەلایەن قوتابییان پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی)

ئامانجی ئەم توێژینەوە زانینی کاریگەریی وانەوتنەوەیە لە بەکارهێنانی نموونەی پۆسنەر بۆ گۆڕینی چەمکە کیمیاوییە سەرەکییەکان لەلایەن قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، و پاراستنی ئەم گۆڕانکارییانە لەناو بیر و هۆشی خۆیان.

توێژەر ڕێبازی نمیچە ئەزموونی بەکارهێناوە، دوو پۆل بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لەناو هەشت پۆل تاقیکراونەتەوە، نمونەی توێژینەوەکەش لە (٧٥) قوتابی پێکهاتوو کە لە هەردوو پۆلی دەستنیشانکراوی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی مەفرەقی سەرەکیی یەکەمی کوڕان دیاریکراون، گرووپی ئەزموونی (نموونەی پۆسنەر) ژمارەیان (٣٨) قوتابییە و گرووپی کۆنترۆڵکراویش ژمارەیان (٣٧) قوتابی بووە، توێژەر دوو ئەدای بەکارهێناوە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکی چەمکە کیمیاوییە سەرەکییەکان و لە (٤٠) بڕگە بە چوار هەڵبژاردە پێکهاتووە، کە یەکێک لەو هەڵبژاردانە ڕاستە و ئەوانی تر هەڵەن سەبارەت بە چەمکەکە، لەگەڵ یاداشتی ئامادەبوونی ڕۆژانە و توێژەر (١٢) پلانی تایبەت بە ئامادەبوونی ڕۆژانەی داناوە.

توێژینەوە بەو ئەنجامە گەیشتووە کە:-

-جیاوازی بە هێما و داتا لەسەر ئاستی هێماکردن (a= 0.01) لە ناوەندی ئەدای هەردوو گرووپی تاقیکردنەوە هەیە لەپێش چارەسەرکردن و لە دواییشدا.

-باشتربوونێکی باش لە ئاستی زانیاریی قوتابییانی هەردوو گرووپەکە سەبارەت بە چەمکی کیمیا هەیە، بەڵام لەلایەن قوتابییانی گرووپی ئەزموونی زیاترە.

## ٢-٢-١شیكار و بەراوردی نێوان توێژینەوەكانی ڕابردوو:

ئەم توێژینەوەیەی بەردەست لەگەڵ توێژینەوەكانی ڕابردوو جیاوازە لە ڕووی ناونیشان و بابەتی توێژینەوە، بەڵام لە ڕووی ئامانجەوە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەكانی پێشوو ئامانجیان خستنەڕووی كاریگەریی نموونەی پۆسنەرە، ئەم توێژینەوەیە و هەردوو توێژینەوەكەی دیكە پشتیان بە دیزاینی ئەزموونی بەستووە هەریەكەیان دوو گرووپیان بەكارهێناوە، بەڵام لە ڕووی ژمارەی بژاردەكانیان جیاوازن، هەروەها هەر یەكێكیان تاقیكردنەوەی پێشەكی و پاشەكییان ئەنجامداوە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی نموونە و ژمارەی قوتابییان جیاوازە، بە شێوەیەك توێژینەوەی (الخضیر، ٢٠١٣) بریتییە لە قوتابییانی قۆناغی حەوتەمی بنەڕەتی و ژمارەی قوتابییان بریتییە لە (٦٣) قوتابی، و نموونەی توێژینەوەی (العلیمات، ٢٠٠٨) بریتییە لە قوتابییانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی و ژمارەی قوتابییان بریتییە لە (٧٥) قوتابی، بەڵام نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی و لە (٤٦) قوتابی پێكهاتووە. توێژینەوەكانی ڕابردوو و پشتیان بە ئامرازی ئامادەكراو بەستووە، ئەم توێژینەوەیەش بەهەمان شێوە پشتی بە ئامرازی ئامادەكراو بەستووە لە تاقیكردنەوەی پێشەكی و پاشەكیدا. ماوەی ئەزموونی توێژینەوەی بەردەست بە هەمان شێوەی توێژینەوەكانی ڕابردوو بریتییە لە (٦) هەفتە. ئەنجامی توێژینەوەی بەردەست لەگەل توێژینەوەكانی ڕابردوو بریتییە لە ئاشكرابوونی بەكارهێنانی (نموونەی پۆسنەر) لە وانەوتنەوەدا كاریگەریی كارا و بەرچاوی هەیە لە زیادبوونی دەستكەوتی زانیاری لە لایەن قوتابییان.

### ٣- ڕێباز و کردارەکانی توێژینەوە:

#### ٣-١ ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەر ڕێبازی ئەزموونی بەکارهێناوە، ئەمەش بەهۆی گونجانی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەی.

#### ٣-٢ کۆمەڵە و نموونەی توێژینەوە:

#### ٣-٢-١ کۆمەڵگای توێژینەوە:

لە توێژینەوە پەروەردەییەکاندا، دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە کارێکی گرنگە، لەبەر ئەوەی یەکەم هەنگاوە لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەدا، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە گەورەترین کۆمەڵگا کە گریمانە دەکرێت ئەنجامی توێژینەوەکەی لەسەر بگشتێندرێت (المنییزل و اخرون , ٢٠٠٦: ١٨). کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە قوتابخانەی ڕۆژەی بنەڕەتیی کچان و بە مەبەست هەڵبژێردراوە، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی قوتابییانی پۆلی هەشتەم هەڵبژێردراون کە ژمارەیان بریتیبووە لە (٢٠٢) قوتابی.

#### ٣-٢-٢ نموونەی توێژینەوە:

توێژەر بە شێوەیەکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار دەستنیشانی کۆمەڵگای توێژینەوە و شوێنی قوتابخانە و توانستی قوتابخانەکان لە ڕووی ژمارەی پۆلەوە کرد، قوتابخانەی (ڕۆژەی بنەڕەتیی کچان) هەڵبژارد تاکو ببێتە ئەو جێگایەی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامبدرێت، نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵی توێژینەوەکە لە قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتیی قوتابخانەی ڕۆژەی بنەڕەتیی کچان هەڵبژێردرا، پۆلی (ز - و) هەڵبژێدران، بە شێوەیەک پۆلی (ز) وەکو کۆمەڵەی

ئەزموونی و پۆلی (و) وەکو کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو دیاریکرا، ژمارەی قوتابییانی هەردوو پۆلەکە بریتی بوو لە (٥٠) قوتابی بە شێوەی مەبەستدار (٤٦) قوتابی هەڵبژێردران بۆ هەردوو کۆمەڵەکە، کۆمەڵەی ئەزموونی (٢٣) قوتابی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو (٢٣) قوتابی بوو، وەک لە خشتەی ژمارە (١) خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (١)**

**(گرووپ و ژمارەی قوتابییانی بژاردەی توێژینەوەکە)**

| گرووپ | کۆمەڵەی | گۆراوی سەربەخۆ | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابیانی دوورخراوە | ژمارەی کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|---|
| ز | ئەزموونی | فێرکردن بە نموونەی پۆسنەر | ٢٤ | ١ | ٢٣ |
| و | کۆنترۆڵکراو | بەفێرکردنی ئاسایی | ٢٦ | ٣ | ٢٣ |
| کۆ | | | ٥٠ | ٤ | ٤٦ |

## ٣-٣ دیزاینی ئەزموونگەری:

توێژەر دیزاینی ئەزموونی بەکارهێنا بەهۆی گونجانی توێژینەوەکەی، وەک لە خشتەی ژمارە (٢) خراوەتەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٢)**

**(دیزاینی ئەزموونگەریی توێژینەوە)**

| گرووپەکانی توێژینەوە | تاقیکردنەوەي پێشینە | گۆراوي سەربەخۆ | تاقیکردنەوەي پاشەکي |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی | وەرگرتني بريار | فێرکردن بە نموونەی پۆسنەر | -دەستکەوتي زانياری -وەرگرتني بريار |
| کۆنترۆڵکراو | | بەفێرکردنی ئاسایی | |

## 4.3 هاوسەنگیی گرووپەکانی توێژینەوە:

پێویستە توێژەر کۆمەڵەکانی توێژینەوە بە شێوەی مەبەستدار دیارییکات لە ڕووی تەمەن و ئاستی زیرەکی، کە پەیوەستن بە گۆڕاوەکانی پەیوەندیدار بۆیە توێژەر هاوسەنگی لە نێوان هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا ئەنجامدا، گۆڕاوەکانیش وەک:-

### ٣-٤-١ -تەمەنی قوتابی:

لە ڕێگەی تۆماری داتای تایبەت بە قوتابییانی نموونەی توێژینەوەکە لە قوتابخانەکەدا، توانرا زانیاری سەبارەت بە ڕێکەوتی لەدایکبوونی قوتابییان بەدەستبهێنرێ، پاشان تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بە مەبەستی زانینی جیاوازیی مانادارى ئاماری لەنێوان هەردوو گرووپی ئەزموونیی کۆنترۆڵکراودا ئەنجامدرا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازیی مانادارى ئاماری نییە لە نێوان ناوەندە ژمێری گرووپی ئەزموونی (١٦٧.٩١٣) و گرووپی کۆنترۆڵکراو (١٦٦.٢٦١), چونکە بەهای پێشبینیکراو (٠.٣١٣) گەورەترە لە

ڕێژەی هەڵە (٠.٠٥)، کەواتە قوتابییانی هەردوو کۆمەڵ لە گۆڕاوی تەمەندا هاوسەنگن، بڕوانە خشتە و شێوەی ژمارە.(3)

**خشتەی ژمارە (٣)**

**(هاوسەنگیی نێوان هەردوو گرووپ لە تەمەنی قوتابییان)**

| گرووپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | پێشبینیکراو | |
| ئەزموونی | 167.913 | 5.401 | 1.021 | 0.313 | مانادار نییە |
| کۆنترۆلکراو | 166.261 | 5.570 | | | |

**٣-٤-٢ ئاستی خوێندەواریی دایک و باوکی قوتابییان:**

**٣-٤-٢-١ ئاستی خوێندەواریی دایکی قوتابی:**

توێژەر ئاستی خوێندەواریی دایکی قوتابییانی لە دۆسیەی قوتابییان لەلایەن دەستەی کارگێڕیی قوتابخانە و لە ڕێگای فۆرمێکەوە کە بەسەر قوتابییاندا دابەشکرا بە دەستهێنا، پاشان ناوەندە ژمێرەیی بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوەکە دەرهێنا، بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرییەکە تاقیکردنەوەی تایی (T.test)ی بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پێشبینیکراو (٠.٦٧٤)گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (٠.٠٥)، کەواتە جیاوازیی مانادارى ئاماری نییە لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا لە ئاستی خوێندەواری دایکی قوتابییان، واتە هەردوو

گرووپ هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری دایکی قوتابی. بڕوانە خشتەی ژمارە (٥،٤).

**خشتەی ژمارە (٤)**

**(ئاستی خوێندەواریی دایکانی هەردوو گرووپ)**

| گرووپ | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلێژ بەسەرەوە | ژ. قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٨ | ٩ | ٤ | ٠ | ٠ | ٢ | ٢٣ |
| کۆنترۆلکراو | ١٠ | ٧ | ٣ | ٠ | ١ | ٢ | ٢٣ |

**خشتەی ژمارە (٥)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ ئاماژەی جیاوازیی نێوان قوتابییانی هەردوو کۆمەڵە لە ئاستی خوێندنی دایکان**

| گرووپ | ژمارەی ئەندامانی یەکە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەر | نرخی تای | | دەلالە ئاستی (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراوە | پێشینکراو | |
| ئەزموونی | ٢٣ | 5.750 | 3.304 | 0.478 | 0.674 | مانادار نیە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | 4.600 | 3.782 | | | |

### ٣-٤-٢-٢ ئاستی خوێندەواریی باوکان:

توێژەر ئاستی خوێندەواریی باوکی قوتابییانی لە دۆسیەی قوتابییان لەلایەن دەستەی کارگێڕیی قوتابخانە و لە ڕێگای فۆرمێکەوە کە بەسەر قوتابییاندا دابەشکرا بەدەستهێنا، پاشان ناوەندە ژمێرەیی بۆ هەردوو گرووپی توێژینەوەکە دەرهێنا، بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرییەکە تاقیکردنەوەی تایی (T.test)ی بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پێشبینیکراو (٠.٤٥٨) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لە ئاستی (٠.٠٥) کەواتە جیاوازیی ماناداری ئاماری نییە لە نێوان هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراودا لە ئاستی خوێندەواریی باوکی قوتابییان، واتە هەردوو گرووپ هاوسەنگن لە گۆڕاوی ئاستی خوێندەواریی باوکی قوتابییان. بڕوانە خشتەی ژمارە(٦، ٧).

**خشتەی ژمارە (٦)**

**(ئاستی خوێندەواریی باوکی قوتابییانی هەردوو گرووپ)**

| گرووپ | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگا | کۆلێژ بەسەرەوە | ژ. قوتابی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئەزموونی | 5 | ٧ | ٥ | ٤ | 0 | ٢ | ٢٣ |
| کۆنترۆلکراو | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٣ | ٢ | ٢٣ |

**خشتەی ژمارە(٧)**

**(ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازیی نێوان ئاستی خوێندەواریی باوکی قوتابییانی (هەردوو گرووپ)**

| گرووپ | ژمارەی ئەندامانی یەکە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوە | نرخی تای | | دەلالە لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراوە | پێشینکراو | |
| ئەزموونی | ٢٣ | 4.603 | 1.817 | 0.775 | 0.458 | مانادار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | 3.833 | 1.472 | | | |

**٣-٤-٣ ئاستی زیرەکی:**

تاقیکردنەوەی (ڕاڤن –Raven) بۆ هەڵبژاردە یەک لەدوای یەکەکان، کەلەلایەن (جی. سی. ڕاڤن) ڕاستکراوەتەوە و لەلایەن دکتۆر فخری دەباغ و ئەوانی تر پشتراستکراوەتەوە و تایبەتە بەو تاکانەی لە تەمەنی (١٥-٦٣) ساڵیدان، یەکێکە لە تێستە نالایەنگیرەکان. (الدباغ واخرون، ١٩٨٣). توێژەر پشتی بە تاقیکردنەوەی (ڕاڤن) بەستووە بۆ دیاریکردنی ئاستی زیرەکی کە بۆ ژینگەی عێراق گونجاوە. ئەم تێستە لە (٦٠) برگە پێکهاتووە، قوتابی بۆ هەر وەلامێکی ڕاست یەک نمرە وەردەگرێت و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر) وەردەگرێت، پاش هەڵەچنینی پرسیارەکان بە پێی کلیلی ڕاستکردنەوە پاشان ناوەندە ژمێری بۆ دەرهێنرا، دواتر بۆ زانینی جیاوازیی ماناداری ئاماریی نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرییەکە توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test) ی بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆی ژمارە یەکسان بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازیی ماناداریی ئاماری نییە لە نێوان هەردوو ناوەندە ژمێرییەکاندا، گرووپی ئەزموونی (٢٨.١٣٨) گرووپی کۆنترۆلکراو (٢٧.٠٠٠)، لەبەر ئەوەی بەهای

پێشبینیکراو (٠.٦٤) گەورترە لە ڕێژەی هەڵە (٠.٠٥)، کەواتە قوتابییانی هەردوو گرووپ هاوسەنگن لە زیرەکیدا. بڕوانە خشتەی ژمارە. (٨)

**خشتەی ژمارە (٨)**

**ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازیی نێوان ناوەندەژمێری قوتابییانی هەردوو گرووپ لە زیرەکی**

| گرووپ | ژمارەی ئەندامانی یەکە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوە | نرخی تای | | دەلات لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراوە | پێشینکراو | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ٢٨.١٣٨ | ٧.٩٧٣ | ٠.٤٥ | ٠.٦٤ | ماناداریە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٢٧.٠٠٠ | ٨.٧٥٩ | | | |

**٣-٥ نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی/جوگرافیا- ساڵی پێشوو (حەوتەمی بنەڕەتی):**

توێژەر نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی /جوگرافیای ساڵی پێشوو (٢٠١٩-٢٠٢٠)ی هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراوی لە کارگێریی قوتابخانە وەرگرت، پاشان ناوەندە ژمێریی هەردوو گرووپی دەرهێنا، گرووپی ئەزموونی (١٢.٥٢٢) و گرووپی کۆنترۆڵکراو (١٢.٣٩١) بوو، توێژەر تاقیکردنەوەی تایی (T.test)ی بەکارهێنا بۆ زانینی جیاوازیی نێوان ناوەندە ژمێریی هەردوو گرووپ لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازیی ماناداری ئاماری لە نێوان هەردوو گرووپەکەدا نییە، لەبەرئەوەی بەهای پێشبینیکراو گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لەسەر ئاستی (٠.٠٥) ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە قوتابییانی هەردوو گرووپی توێژینەوە هاوسەنگن لە نمرەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان/ جوگرافیای ساڵی ڕابردوو، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٩) و شێوەی ژمارە (٧)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی ژمارە (٩)**

(ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ جیاوازیی نێوان نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی/ جوگرافیای ساڵی پێشوو(٢٠١٩-٢٠٢٠ بۆ (هەردوو گرووپ)

| گرووپ | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | نرخی تایی | | دەلالەت لە (٠.٠٥) |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | دەرهێنراو | پێشبینیکراو | |
| ئەزموونی | ١٢.٥٢٢ | ٤.٠٣٢ | ٠.١٢١ | ٠.٩٠٤ | مانادار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ١٢.٣٩١ | ٣.٢٠١ | | | |

**٣-٦ پێوەری وەرگرتنی بڕیار:**

توێژەر پێوەری وەرگرتنی بڕیار کە لەلایەن (علی، ٢٠٢٠) ئامادەکراوە بەکاریهێناوە، ئەم پێوەرە لە (30) بڕگە پێکهاتووە لەدوای پشتڕاستبوون لە ڕاستی و دروستیی پێوەری تاقیکردنەوەکە بەم شێوەیە:

**یەکەم: پێوەری ڕاستگۆیی:**

ڕاستگۆیی یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکی و پێویستییەکانە بۆ دروستکردنی پێوەر، پێوەری ڕاستگۆیی ئەو پێوەرەیە کە ئەو خەسڵەت و سیفاتانەی لەپێناوی داناوە و پێوەری دەکات، بەم شێوەیە دڵنیایی لە ڕاستگۆیی پێوەر کراوە:

أ- **ڕاستگۆیی ڕووکەشی:** ڕاستگۆیی ڕووکەشی یەکێکە لە پێداویستییەکانی دروستکردنی پێوەری پەروەردەیی و دەروونی، و بە ئاراستەکردنی بۆ کۆمەڵێک لە کەسانی تایبەتمەند و شارەزا بەدەستدێت و کۆدەنگیی ڕاوبۆچوونیان لەسەری ئاماژەیە بۆ ڕاستگۆیی ئەم جۆرە

پێوەرە

(عودە، ٢٠٠٢: ٣٧)، بۆ پشتڕاستکرنەوەی بڕگەکان لە ڕووی گونجانیان بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی دانراون لە ڕووی وردیی داڕشتنەوە و ڕوونییان، پێشکێش بە کۆمەڵێک لە شارەزا و تایبەتمەندەکان کراوە لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی و پێوان و هەڵسەنگاندن، بڕگەکانی پێوەر لە بواری گونجاندنیان ڕێژەی (٨٠%) ی بەدەستهێناوە و ئەمەش ڕای زۆربەی کەسە شارەزا و تایبەتمەدەکانە و بەم شێوەیەش پێوەرەکە پێوەرێکی ڕاستگۆ و گونجاوە بۆ بەکارهێنان.

**.ب-ڕاستگۆیی وەرگێڕان:** لەدوایی دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی بڕگەکانی (تاقیکردنەوەی دەستکەوت بە زمانی عەرەبی) توێژەر بڕگەکانی تاقیکردنەوەی سەرەکی بە زمانی عەرەبی پێشکێش بە پسپۆڕێک لە زمانی کوردی و پسپۆڕێک لە زمانی عەرەبی کردووە، بۆ ئەوەی وەریانبگێڕێتە سەر زمانی کوردی، هەروەها توێژەر بەراوردێک لەنێوان وێنەی تاقیکردنەوەی سەرەکی بە زمانی عەرەبی لەگەڵ وێنەی وەرگێڕاوی بە زمانی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی کردووە، ئایا تا چەند وەکو یەکە، و دیار بووە کە تاقیکردنەوەکە زۆر وەکو یەکە و ئەمەش ئاماژەیە کە وەرگێڕاوەکە ڕاست و دروستە و دەکرێت پشتی پێ ببەسترێت، هەروەها بەهەمان شێوە بۆ پێوەری وەرگرتنی بڕیار ئەنجامدراوە.

**دووەم: جێگیریی پێوەر:**

پێوەر جێگیرییە ئەگەر بۆ جاری دووەم لەسەر دیاردەیەک بەکارهاتەوە و هەمان ئەنجامی پێشووتری هەبێت، کەواتە جێگیریی هەمان ئەنجامیداوە و ئەگەر دووبارە بکرێتەوە و جێبەجێبکرێت لەسەر هەمان تاکەکان و لەهەمان ڕەوشدا هەر هەمان ئەنجامی هەبێت. (الخیاط، ٢٠١١: ٦٢) چەندین ڕێگا هەیە بۆ بەکارهێنانی پێوەری جێگیری و ئامانجی، لەسەر ئەم بنەمایە توێژەر پشتی بە دووبارەکردنەوەی تێست بەستووە،

ئەمە باشترین ڕێگایە بۆ گەیشتن بە پێوەرە دووبارەکراوەکان بۆ هەمان کۆمەڵەی تاکەکان و پێوەرکردنی هەمان ئەنجامیان (ملحم،٢٠١٢:٢٥٦). بە مەبەستی پشتڕاستکردنەوەی پێوەری جێگیری، توێژەر دووبارە بەکارهێنانی تێست لەسەر نموونەیەکی زانیاریی وەرگر (إستطلاعية) ئەنجامداوە، کە ژمارەیان (٢٠) قوتابیی کچ بووە، لە دەرەوەی نموونەکانی توێژینەوە لە قوتابخانەی ڕۆژەی بنەڕەتیی کچان، پاشان دووبارە پێوەر لەسەریان دووبارەکراوەتەوە لە دوای (١٤) ڕۆژ و بەجێبەجێکردنی داتای ژمارەکان بەهای هاوکولکەی (پێرسۆن-pearson) ی بەکارهێناوە لە نێوان پلەی هەر تاکێک لە جێبەجێکردنی یەکەم و دووەم و پێوەری جێگیری و پێوەری وەرگرتنی بڕیار، و داتاکەی ئۆردینال و پارامەتریک بووە، بە ڕێگای دووباکردنەوەی تێست ڕێژەیان گەیشتووەتە (٨٥%). هەروەکو لە خشتەی خوارەوە دیارە:

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**بەهای هاوکولکەی پیرسۆن بۆ ژماردنی پێوەری جێگیری لە وەرگرتنی بڕیار**

| تاقیکردنەوە | نمونە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای هاوکولکەی جیگیری | بەهای هاوکولکەی راستگوی خودی |
|---|---|---|---|---|---|
| جیبەجیکردنی یەکەم | 23 | ٥١.٢٣٣ | ٥.١١٢ | ٠.٨٥ | ٠.٩٢ |
| جیبەجیکردنی دووەم | 23 | ٥٣.٤١٢ | ٤.٤٣٦ | | |

**٣-٦ ئامرازەکانی توێژینەوە:**

-سەرچاوەکانی و پێداچوونەوە.

-پلانی وانەوتنەوە.

-فۆڕمی دەستکەوتی زانیاری.

-فۆڕمی وەرگرتنی بڕیار.

-فۆڕمی تۆمارکردنی نمرەکان.

-مێز و کورسی بەگوێرەی ژمارەی قوتابیاییەکان.

-بوونی بۆرد (تەختە) قەڵەمی ماجیک لە هۆڵی خوێندن.

-بەکارهێنانی نەخشە بۆ دیاریکردنی شوێنی جوگرافیی ناوچەکان.

**٣-٧ تاقیکردنەوەی پێشینەی پێوەری وەرگرتنی بڕیار:**

توێژەر پێوەرێکی ئامادەکراوی بۆ وەرگرتنی بریار بەکارهێناوە بۆ پێوانەی ئەم گۆڕاوە، توێژەر پێوەرەکەی بەسەر قوتابییانی هەردوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆلکراو)دا جێبەجێکرد لە ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی (7/ 2/ 2021) پاشان ناوەندە ژمێری بۆ هەروو گرووپ دەرهێنا. تاقیکردنەوەی تایی (T.test) بۆ دوو بژاردەی سەربەخۆ بەکارهێنا بە مەبەستی زانینی جیاوازیی ماناداری ئاماری لە نێوان هەردوو گرووپی (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو)دا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازیی ماناداری ئاماری نییە لە نێوان ناوەندە ژمێری گرووپی ئەزموونی و گرووپی کۆنترۆڵکراو، چونکە بەهای پێشینیکراو (٠.٢٦) گەورەترە لە ڕێژەی هەڵە لەسەر ئاستی (٠.٠٥) کەواتە قوتابییانی هەردوو

گرووپ هاوسەنگن لە گۆڕاوی وەرگرتنی بڕیارڕ. بڕوانە خشتەی ژمارە (١١).

**خشتەی ژمارە (١١)**

**(ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دەلالەتی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێری قوتابییانی هەردوو گرووپ لە وەرگرتنی بڕیار**

| گرووپ | ژمارەی ئەندامانی یەکە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوە | نرخی تای | | دەلالەت لە ئاستی (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراوە | پێشینکراو | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ٦١.٩١٣ | ٥.٣١٦ | ١.١٦ | ٠.٢٦ | مانادار نییە |
| کۆنترۆلکراو | ٢٣ | ٥٩.٦٠٩ | ٧.٣٩٦ | | | |

**٣-٨-پێداویستییەکانی ئەزموونەکە:**

**٣-٨-١-دیاریکردنی بابەتەکە:**

توێژەر پشتیبەست بە بابەتەکانی بەشی (١-٢-٣-٤)ی جوگرافیای نێو کتێبی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی، کە پێکهاتووە لە چوار بەش هەر یەک لە کیشوەرەکانی (ئاسیا، ئەورووپا، ئەفریقیا، ئەمریکای ئەنگلوسەکسونی) بۆ هەردوو گرووپی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو خوێندرا.

### ٣-٨-٢- دیاریکردنی بەشەوانەکان:

توێژەر بەپێی خشتەی وانەکانی قوتابخانە بەشەوانەکانی هەردوو کۆمەڵەکەی ڕێکخست، بۆ ئەوەی لە یەک ڕۆژدا وانە لە هەردوو کۆمەڵە بخوێندرێت، بە جۆرێک بۆ هەر هەفتەیەک (٢) وانە بوو بۆ هەریەک لە کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو، و ماوەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە شەش هەفتەدا بۆ هەریەکێک لە کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو (١٢) وانە خوێندرا.

### ٣-٨-٣-ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە:

مەبەست لە پلانی وانەوتنەوە، بۆ هێنانەدیی ئامانجگەلی فێرکاری دیاریکراو ئەم کردارە دەستنیشانکردنی ئامانجی دیاریکراو هەڵبژاردنی ئەو ڕێگایانە لەخۆدەگرێت کە یارمەتی بەدیهێنانی دەدەن (کەریم، ٢٠١٤، ٨٥). توێژەر (٢٤) پلانی وانەگوتنەوەی بۆ بابەتی جوگرافیا ئامادەکرد بۆ هەردوو گرووپ لە ئەزموونەکەدا، نموونەی پلانەکەی خستە بەردەم کۆمەڵێک شارەزا و پسپۆڕ لە گوتنەوەی بابەتی جوگرافیا و ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا، بۆ وەرگرتنی ڕاوبۆچوون و سەرنج و پێشنیازەکانیان بە مەبەستی باشتر دارشتنەوەی پلانەکە بە جۆرێک ڕاست و دروست بێت و سەرکەوتنی ئەزموونەکە مسۆگەربکەن، لەبەر ڕۆشنایی بیرورا و سەرنجی شارەزایان توێژەر هەموارکردنی پێویستی ئەنجامدا و پلانەکەی ئامادەکرد.

### ٣-٩ ئامرازەکانی فێرکردن:

ئامرازەکانی فێرکردن بریتین لە: (وایت بۆرد، پێنووسی ڕەنگاوڕەنگ، نەخشەی جیهان)

### ٣-١٠ بنەماکانی ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی دەستکەوت:

### ٣-١٠-١ پێوەری تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری:

توێژەر پشتی بەو پێوەرە بەستووە کە لەلایەن (بشير، ٢٠١٦) ئامادەکراوە بۆ تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری، ئەم پیوەرە لە (٣٠) بڕگە پێکهاتووە و بۆ پشتڕاستبوون لە گونجاویی پێوەرەکە توێژەر پێوەری ڕاستگۆیی و جێگیریی بەکارهێناوە.

#### یەکەم: ڕاستگۆیی پێوەر:

ڕاستگۆیی تاقیکردنەوە بە یەکێک لە ئامرازە گرنگەکان هەژماردەکرێت بۆ بڕیاردان لەسەر گونجاو و بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکە یان نا. (الضاهروالاخرون،١٩٩٩:١٣٢) مەبەست لە ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی پێوەری ئەو شتەیە کە پێوەر لەپێناوی دانراوە، کەواتە تاقیکردنەوەی ڕاستگۆیی، تاقیکردنەوەی ئەو شتەیە کە دەتەوێت تێستی بکەی و هیچ شتی تر تێست ناکات. (العناني، ٢٠٠٨، ٢٥٨) بۆ تایبەتمەندەکانی پێوەری ڕاستگۆیی ئەمانەی خوارەوە جێبەجێکراون:

#### أ- ڕاستگۆیی ڕووکەشی:

ئاماژەیە بۆ ئاستی پێوەری تاقیکردنەوە بۆ ئەو مەبەستەی کە بۆی دانراوە، بۆیە ڕووکەشییە و دیارە. (الميدن وأخرون، ٢٠٠٤، ١٦٨) بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی ڕووکەشی تاقیکردنەوە بۆ کۆمەڵێک لە شارەزا و تایبەتمەندەکان ئاڕاستەکراوە لە بوارەکانی شێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەروونزانی و پێوانە و هەڵسەنگاندن و زمانەوانی و لەدوای پشتڕاستبوون لە هەڵسەنگاندنی ئەم کۆمەڵە شارەزا و پسپۆڕانە کە ئەم

جۆرە پێوەرە ڕاستگۆیە و لەبەر ڕۆشنایی کۆکبوونی ڕاوبۆچوونیان ئاماژەیە کە ئەم جۆرە پێوەرە ڕاستگۆیە، بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

**ب ـ ڕاست و دروستیی وەرگێڕان:**

ڕاست و دروستیی وەرگێران پشتڕاستکراوە هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

## ٣-١١ ڕاست و دروستیی ناوەکی و دەرەکیی توێژینەوە:

### ٣-١١-١ ڕاست و دروستیی ناوەکی:

دەبێت توێژەر ئەو گۆڕاوانە کۆنترۆڵبکات کە گوماندەکرێت کار بکەنە سەر ئەنجامەکان و نەهێڵێن ورد و دروست بن (ئاغا , ٢٠١٦: ٦٠) بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕاوانەی دا:

### ٣-١١-١-١ جیاوازی لە نێوان قوتابییانی بژاردەی توێژینەوە:

توێژەر توانی ئەو گۆڕاوە کۆنترۆڵبکات لە ڕێگای بەکارهێنانی شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی و ئەنجامدانی کاری هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە لە تەمەنی قوتابییان بە مانگ و زانیاریی پێشینە لەسەر بابەتی ئەزموون و پشتبەستن بە تۆمار و داتای تایبەت بە قوتابییان بۆ ڕێکەوتی لەدایکبوونیان کە جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدینەکرا لە ئاستی تەمەنیان. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣) کە هاوسەنگیی نێوان هەردوو گرووپ لە تەمەنی قوتابییان خراوەتەڕوو.

### ٣-١١-١-٢ بارودۆخی ئەزموون و ڕووداوەکان:

لەماوەی ئەزموونەکەدا هیچ ڕووداوێکی لەناکاو ڕوویندەدا کە ببێتە بەربەست لەپێش ئەنجامدانی توێژینەوەکە، بۆیە دەتوانین بڵێین کاریگەریی ئەم فاکتەرە بێلایەن بوو.

**٣-١١-١-٣ گەشەکردن:** ئەم فاکتەرەش کاریگەرییەکەی بێلایەن بوو، بەوەی توێژەر هاوسەنگی کرد لە نێوان تەمەنی قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەکە، هەروەها ماوەی ئەزموونەکەیش کەمە، گەشەکردنێکی ئەوتۆ ڕوویندەداوە کە کاریگەریی هەبێت.

### ٣-١١-١-٤ بەجێهێشتنی خوێندن یان ئامادەنەبوون:

هەموو قوتابییەکانی هەردوو کۆمەڵ لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونەکەدا ئامادەبوون و هیچ نەهاتنێک تۆمارنەکراوە، هەروەها هیچ قوتابییەک وازی لە خوێندن نەهێناوە و نەگواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر.

### ٣-١١-١-٥ ئامرازی پێوان:

ئامرازەکانی توێژینەوە یەکبوون و بۆ هەردوو کۆمەڵەکە وەک یەکیش جێبەجێکران.

### ٣-١١-٢ ڕاست و دروستیی دەرەوە:

توێژەر هەوڵیداوە ئەو فاکتەرانە کۆنترۆڵبکات کە کار لە ڕاست و دروستیی دەرەکی توێژینەوەکە دەکەن، هەروەکو لە خشتەکانی ژمارە (٨-٩-١٠-١١)دا خراوەتەڕوو.

### ٣-١١-٢-١ کارلێکی کاریگەریی گۆڕاوی سەربەخۆ لەگەڵ لایەنگیریی تاقیکردنەوە:

کارلێکی ئەم گۆڕاوە بێلایەن کرا لە ئەنجامی هەڵبژاردنی هەڕەمەکیی هەردوو کۆمەڵە و هاوسەنگکردنیان لە چەند گۆڕاوێکدا.

١ -**نهێنیی ئەزموونەکە:** توێژەر لەگەڵ بەڕێوەبەر و مامۆستایانی قوتابخانە ڕێککەوت بۆ پاراستنی نهێنیی ئەزموونەکە، بۆ ئەوەی قوتابییان نەزانن بۆ تاقیکردنەوەیە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ڕاست و دروستیی ئەنجامەکان دروستنەبێت.

٢ -**مامۆستا:** توێژەر بە باشی زانی یەک مامۆستا وانە بە هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بڵێتەوە، لەبەرئەوەی توانای مامۆستاکان بۆ گوتنەوەی بابەتەکان جیاوازە و ڕەنگە مامۆستای بابەتیش کاریگەریی هەبێت لەسەر ئەنجامەکان، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم لایەنە توێژەر یەک مامۆستای هەڵبژارد بۆ ئەوەی وانە بە هەردوو کۆمەڵەکە بڵێتەوە.

٣ -**بابەت:** ئەو بابەتانەی کە بۆ کۆمەڵەی ئەزموونیی دیاریکرا بوون هەمان بابەت بوون بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە.

٤ -**ماوەی ئەزموون:** ماوەی ئەزموونی توێژینەوە کە بە شێوەیەکی یەکسان بوو بۆ هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە کە ئەزموونەکە لە ڕێکەوتنی ٧ / ٢ / ٢٠٢١ دەستیپێکرد و لە ڕێکەوتی١ / ٤ / ٢٠٢١ کۆتاییپێهات.

٥ -**بینای قوتابخانە:** توێژینەوە کە لە یەک قوتابخانە ئەنجامدرا، ئەو دوو کۆمەڵەیەش کە توێژینەوەکەیان لەسەر ئەنجامدرا هۆڵەکانی خوێندنیان یەکسان و لێکچوو بوون لە ڕووی درێژی و پانی و ساردی و گەرمی و ڕووناکی و ژمارەی دەرگا و پەنجەرەکانیانەوە.

### ٣-١٢ پراكتیزەكردنی ئامرازەكانی توێژینەوە و ڕاستكردنەوەیان:

### ٣-١٢-١ پراكتیزەكردنی ئامرازی توێژینەوە:

#### ٣-١٢-١-١ تاقیكردنەوەی دەستكەوت:

توێژەر بە یارمەتیی مامۆستای بابەت لەیەک كاتدا لە ڕێكەوتی (١ / ٤ / ٢٠٢١) كاتژمێر (١٠.٠٠) بەیانی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی بەسەر قوتابییانی هەردوو كۆمەڵەدا جێبەجێكرد.

#### ٣-١٢-١-٢ تاقیكردنەوەی پێوەری وەرگرتنی بڕیار:

توێژەر بە یارمەتیی مامۆستای بابەت لە یەک كاتدا لە ڕێكەوتی (١ / ٤ / ٢٠٢١) كاتژمێر (١٢.٠٠) پێوەری وەرگرتنی بڕیار بەسەر قوتابییانی هەردوو كۆمەڵەدا جێبەجێكرد بۆ زانینی توانای بەدەستهێنراو.

### ٣-١٢-٢ ڕاستكردنەوەی تاقیكردنەوەی دەستكەوت:

توێژەر وەڵامی قوتابییەكانی بەپێی (كلیلی ڕاستكردنەوە) ڕاستكردەوە، بۆ هەر وەڵامێكی ڕاست یەک نمرە و بۆ هەر وەڵامێكی هەڵە یاخود بەجێهێڵراو یان زیاتر لە وەڵامێكی هەڵبژاردبێت (سفر) دانرا بۆ هەر بڕگەیەک لە پرسیارەكان، پرسیارەكانیش لە جۆری هەڵبژاردن لە چەند دانەیەكە و ژمارەی بڕگەكانی تاقیكردنەوە (٣٠) بڕگەیە، (١٠) بڕگەی لەسەر ئاستی بیرهێنانەوە و (١٠) بڕگەی لەسەر ئاستی تێگەیشتن و (١٠) بڕگەی لەسەر ئاستی جێبەجێكردن، واتە نمرەی قوتابییان لە نێوان (٣٠-٠) نمرە دەبێت و بۆ هەردوو گرووپەكەش وەک یەكە.

## ٣-١٣ هەڵەچنینی تاقیكردنەوە:

توێژەر تاقیكردنەوەی دەستكەوتی زانیاریی بابەتی جوگرافیای بە قوتابییان ئەنجامداوە، پرسیارەكانی تاقیكردنەوە بریتین لە پرسیاری بابەتی، ئەم جۆرە تاقیكردنەوەیە پێوانەی ئاستی بیرهێنانەوەی زانیارییەكانی قوتابییان دەكات و جگەلەوەی كە ئاسانە لە هەڵەچنی و دوورە لە كاریگەریی خودیی ئەو كەسەی كرداری ڕاستكردنەوەكە ئەنجامدەدات (النداوی , ٢٠٠٦: ٥٦).

لەم توێژینەوەیەدا تاقیكردنەوەكە دابەشكراوە بەسەر (٣) پرسیار، بۆ هەر پرسیارێک (١٠) نمرە، پرسیاری یەكەم لە جۆری بەیەكگەیاندنە لە دە (١٠) بڕگە پێكهاتووە، هەر بڕگەیەكیش یەک جێگرەوە (بدیل)ی لەخۆگرتووە كە بۆ هەر بڕگەیەک (١) نمرە دانراوە واتە پرسیارەكە لەسەر (١٠) نمرە دانراوە، پرسیاری دووەم پێكهاتووە لە هەڵبژاردنی وێنەی گونجاو بۆ چەمكە جوگرافییەكان كە لە دە بڕگە پێكهاتووە بۆ هەر بڕگەیەک (١) نمرەیە واتە ئەمیش لەسەر (١٠) نمرە دانراوە، پرسیاری سێیەم بریتییە لە هەڵبژاردنی وەڵامی گونجاو بۆ چەمكە جوگرافییەكان ئەمیش پێكهاتووە لە (١٠) بڕگە و لەسەر (١٠) نمرە دانراوە و كۆی گشتیی نمرەكانی تاقیكردنەوەكە دەكاتە (٣٠) نمرە.

## ٣-١٤ هۆكارەكانی ئاماری:

توێژەر هەگبەی ئاماری (Spss -Verson 26) بەكارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەم هۆكارانە خوارەوە:

١ -ڕێژەی سەدی

٢ -هاوكۆڵكەكانی پێرسۆن.

٣ -لادانی پێوەری.

٤ -ناوەندی ژمێرەیی.

٥ -تاقیکردنەوەی تائی.(T.test)

## ٤ -خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوە و گفتوگۆکردنیان:

پاش تەواوبوونی ئەزموونی تویژینەوەکە تویژەر ئەنجامەکانی خستەڕوو بەپێی گریمانەکان، و لە ڕێگەی بەراوردکردنی ئەو داتایانەی بەدەستیهێنابوو بەم شێوەیە:

### ٤-١ خستنەڕووی ئەنجامە تایبەتییەکان بە گریمانەی یەکەم و شیکردنەوەی و گفتوگۆکردنیان:

**گریمانەی یەکەم:** جیاوازیی واتاداری ئاماریی نییە لە ئاستی هێما (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کومەڵەی ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) بابەت وەردەگرن، و ناوەندی نمرەی وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کومەڵەی کونتڕۆڵکراو کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی پەیڕەوکراو وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.

بۆ دڵنیابوون لەو گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (paired sample T.test)بۆ ناسینی جیاوازیی ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی دواینەیی بۆ هەر یەکێک لە هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.

## خشتەی ژمارە (١٢)

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەی جیاوازی لە نێوان ناوەندە نمرەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پێشەکی و پاشەکیدا.**

| گرووپ | ژمارەی قوتابییان | تاقیکرنەوەی پێشی | | تاقیکرنەوەی پاشی | | نرخی تایی دەرهێنراو | نرخی پێشبینیکراو sig | ئاستی ئاماژە پێکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | | | |
| ئەزموونی | ٢٣ | ٦١.٩١٣ | ٥.٣١٦ | ٧١.١٧٤ | ٤.٣٤٥ | ٦.٤٧ | 0.00 | مانادارە* |
| کونترۆلکراو | ٢٣ | ٥٩.٦٠٩ | ٧.٣٩٦ | ٦٣.٨٢٦ | ٤.٤٧٩ | ٢.٤٤ | 0.00 | مانادارە* |

*مانادارە لە ئاستی ڕێژەی هەلەی ≤٠.٠٥ بەرانبەر پلەی ئازاد (٢٢)

لە خشتەی ژمارە (١٢) دەردەکەوێت کە بەهای تایی دەرهێنراو لە تاقیکردنەوەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لە لای قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی گەیشتە (٦.٤٧) لە کاتێکدا نرخی پێشینکراو (٠.٠٠) لە ئاستی ئاماژەپێکراو (٠.٠٥)، بۆیە کاتێک بەهای نرخی پێشینکراو لە بەهای ئاستی ئاماژە پێکراو بچووکتر دەبێت، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەردوو کۆمەڵ لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی هەیە، لە پێداچوونەوەی هەردوو ناوەندی ژمێرەیی جیاوازی دەرکەوت کە جیاوازی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونکاریدایە، بەمەش ئەو گریمانەی (سفرێتی) ڕەتدەکاتەوە و پێشوازی لە گریمانەی جێگرەوەیی دەکات، بە بوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان ناوەندێتیی پلەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی، کە بە نموونەی (پۆسنەر) وانەیان پێ وتراوەتەوە، ناوەندێتیی نمرەکانی

کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە شێوازی ئاسایی وانەیان پێ وتراوە گیراوەبەر لە تاقیکردنەوەی پێشی و پاشی.

## ٤-١ -٢ خستنەڕووی ئەنجامە تایبەتییەکان بە گریمانەی دووەم و شیکردنەوە و گفتوگۆکردنیان:

### گریمانەی دووەم:

جیاوازیی واتاداری ئاماریی نییە لە ئاستی هێما (٠.٠٥) لە نێوان ناوەندی نمرەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) بابەت وەردەگرن، و ناوەندی نمرەی وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی کۆمەڵەی کونترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی پەیڕەوکراو وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

بۆ دڵنیابوون لەو گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (paired sample T.test) بەکارهێنا، بۆ ناسینی جیاوازی ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی دواینەیی بۆ هەر یەکێک لە هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونکاری و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

**خشتەی ژمارە (١٣)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەی جیاوازی لە نێوان ناوەندە نمرەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.**

| گۆڕاو | کومەڵەی ئەزموونی | | کومەڵەی کونترولکراو | | نرخی تایی دەرهێنراو | نرخی پێشینکراو sig | ئاستی ئاماژە پێکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەریی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پیوەریی | | | |
| پێوری وەرگرتنی بڕیار | ٧١.١٧٤ | ٤.٣٤٥ | ٦٣.٨٢٦ | ٤.٤٧٩ | ٥.٦٤٧ | ٠.٠٠ | مانادارە * |

*مانادارە لە ئاستی ڕێژەی هەڵەی ≥٠.٠٥ بەرانبەر پلەی ئازاد (44)

لە خشتەی ژمارە (١٣) دەردەکەوێت کە بەهای تایی دەرهێنراو لە تاقیکردنەوەی گەشەسەندنی تواناکانیان لە وەرگرتنی بڕیار لە لای قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کونترۆڵکراو گەیشتە (٥.٦٤٧) لە کاتێکدا نرخی پێشینکراو (٠.٠٠) لە ئاستی ئاماژەپێکراو (٠.٠٥)، بۆیە کاتێک بەهای نرخی پێشینکراو لە بەهای ئاستی ئاماژە پێکراو بچووکتر دەبێت، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لەنێوان هەردوو کۆمەڵە لە تاقیکردنەوەی پاشی هەیە، لە پێداچوونەوەی دوو ناوەندێتیی ئەژمارکراوی جیاوازی، دەرکەوت کە جیاوازی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونکاریدایە، بەمەش ئەو گریمانەی (سفرێتی) ڕەتدەکاتەوە و پێشوازی لە گریمانەی جێگرەوەیی دەکات، بە بوونی جیاوازیی بەڵگەداریی ئاماری لە نێوان مامناوەندێتیی پلەکانی کۆمەڵەی

ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) وانەیان پێ وتراوەتەوە و ناوەندێتیی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، کە بە شێوازی ئاسایی وانەیان پێ وتراوە گیراوەتەبەر لە تاقیکردنەوەی پاشی.

لەمیانەی ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەی ژمارە (١٣) ڕوونکراوەتەوە پیشاندراوە کە ئاستی تونای وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییان کە بابەتی جوگرافییان بە پێی نموونەی (پۆسنەر) وەرگرتووە ئاستێکی زۆرباش و بەرزترە لە ئاستی توانای وەرگرتنی بڕیار لای قوتابییان کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی وەرگرتووە، هەروەها بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) بووە هۆی باشبوونی ئاستی وەرگرتنی بڕیار لەلای قوتابییان، ئەمەش کاریکردە سەر گەشەی بڕیاردان لەسەر بابەتەکە، و بەکارهێنانی ئەم ستراتیژیەتە وایکرد کە ئاڕاستەکانی قوتابییان بەرەو فێربوون و بەرنامەی قوتابخانە باشتر بێت، بۆیە ئەم بیروبۆچوونانەی سەرەوە کە توێژەر خستویتیەڕوو هاوەشێوەی توێژینەوەکانی پێشووی کە ئاماژە بە گرنگیی ئاستی وەرگرتنی بڕیار و تواناکانی قوتابییان دەدەن لەوانە وەک (الشربینی، ٢٠٠٦) (الجبوری، ٢٠١٩) (الجنابی، ٢٠١٨).

بۆیە ئەگەر هەنگاوەکانی نموونەی (پۆسنەر) جێبەجێبکرێت کاریگەریی ئەرینی هەیە لەسەر ئاستی وەرگرتنی بڕیاری قوتابی، و گەشەش بە لایەنی زانیاری و زانینیان دەدات و پاڵیان پێوەدەنێت بۆ زیاتر گرنکیدان بەو بابەتانەی وەریدەگرن، و ئەوەی لە ڕابردوودا وەریانگرتووە جیایدەکەنەوە لەو زانیارییانەی کە لە ئیستادا دەستیاندەکەوێت.

### ٤-٣ خستنەڕووی ئەنجامە تایبەتییەکان بە گریمانەی سێیەم و شیکردنەوە و گفتوگۆکردنیان:

**گریمانەی سێیەم:**

جیاوازیی واتاداری ئامارییی نییە لە ئاستی هێما (٠.٠٥) لە دەستکەوتی زانیاریی قوتابییان لە بابەتی جوگرافیا لە نێوان ناوەندی نمرەی قوتابییانی کومەڵەی ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) بابەت وەردەگرن، و ناوەندی نمرەی قوتابییانی کومەڵەی کونترۆڵکراو کە هەمان بابەت بە شێوازی ئاسایی پەیڕەوکراو وەردەگرن لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

بۆ دڵنیابوون لەو گریمانەیە توێژەر تاقیکردنەوەی (paired sample T.test) بەکارهێنا. بۆ ناسینی جیاوازیی ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ هەر یەکێک لە هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.

**خشتەی ژمارە(١٤)**

**ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ ئاماژەی جیاوازی لە نێوان ناوەندە نمرەی دەستکەوتی زانیاری لای قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە لە تاقیکردنەوەی پاشەکیدا.**

| گرووپ | ژمارەی قوتابیان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەریی | نرخی تایی دەرهێنراو | نرخی sig پێشینکراو | ئاستی ئاماژە پێکراو |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەزموونی | ٢٣ | ١٥.٩٧٥ | ٣.٨٧٩ | ٢.٥٦٣ | 0.01 | مانادارە * |
| کۆنترۆڵکراو | ٢٣ | ١٣.٣٤٨ | ٢.٩٦٤ | | | |

* مانادارە لە ئاستی ریژەی هەلەی ≤٠.٠٥ بەرانبەر پلەی ئازاد(٤٤)

لە خشتەی ژمارە (١٤) دەردەکەوێت کە بەهای تایی دەرهێنراو لە تاقیکردنەوەی دەستکەوتی زانیاری لای قوتابییانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی کونترۆڵکراو گەیشتە (٢.٥٦٣) لە کاتێکدا نرخی پێشینکراو (٠.٠١) لە ئاستی ئاماژەپێکراو (٠.٠٥)، بۆیە کاتێک بەهای نرخی پێشینکراو لە بەهای ئاستی ئاماژەپێکراو بچووکتر دەبێت، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان هەردوو کۆمەڵە لە تاقیکردنەوەی پاشی هەیە، لە پێداچوونەوەی دوو ناوەندی ژمێرەیی جیاوازی دەرکەوت کە جیاوازی لە بەرژەوەندیی کۆمەڵەی ئەزموونکاریدایە، بەمەش ئەو گریمانەی (سفرێتی) ڕەتدەکاتەوە و پێشوازی لە گریمانەی جێگرەوەیی دەکات، بە بوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی پلەکانی کۆمەڵەی ئەزموونی کە بە نموونەی (پۆسنەر) وانەیان پێ وتراوەتەوە و ناوەندی نمرەکانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو کە بە شێوازی ئاسایی وانەیان پێوتراوەتەوە گیراوەتەبەر لە تاقیکردنەوەی پاشی.

لە میانەی ئەو دەرئەنجامانەی کە لە خشتەی ژمارە (١٤) ڕوونکراوەتەوە پیشاندراوە کە دەستکەوتی ئەو کۆمەڵە قوتابییانەی کە بابەتی جوگرافیا بە پێی نموونەی (پۆسنەر) وەرگرتووە باشترە لە دەستکەوتی ئەوانەی کە هەمان بابەتیان بە ڕێگەی ئاسایی وەرگرتووە، ئەمەش بە ڕای توێژەر ئەوە دەردەخات کە بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە گوتنەوەی بابەتی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی کاریگەرییەکی کارا و گرنگی هەبوو لە زیادکردنی دەستکەوتی زانیاری، و ڕەنگە ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێتەوە و دیارترین و کاراترینیان لە وانەیە ئەمانەی خوارەوە بێت:

١-لەباربوونی نموونەی (پۆسنەر) بۆ تەمەنی قۆناغی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی بەوەی کە قوتابییانی ئەم قۆناغە لە ڕووی بیر و عەقڵەوە پێگەیشوون.

٢-ئەم ستراتیژیەتە یارمەتیدەرە لە سەرنجڕاکێشانی قوتابی و وروژاندنی بایەخدانی بە وانەکە و پەرتەوازەبوونی بیر و هۆشی، چونکە لە هەر ساتێکدا بێت پرسیاری ئاڕاستە دەکرێت و دەبێت ئامادەبێت بۆ دەستنیشانکردن و چاککردنەوەی هەڵەکان و وەڵامدانەویان.

٣-لەوانەیە توانای قوتابییان لەم قۆناغەدا هۆکارێک بووبێت بۆ سەرکەوتنی ئەم ستراتیژیەتە، چونکە قوتابییان لەم قۆناغەدا لایەنی بیرکردنەویان زیاتر و باشتر پێگەیشتووە بۆ فێربوونی وانەکە، لەو تویژینەوانەی لە پیشووتر ئەنجامدراوە وەک تویژینەوەکانی (المولی، ١٩٩٩) (السویلمیین، ٢٠١٦) (الزعانین، ٢٠١٠) (العباجی، ٢٠٠٥) ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە ئەم ستراتیژیەتە وا لە قوتابی دەکات بەبێ شەرم و دوودڵی بەشداری لە چالاکیی نێوپۆل و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی ئازادانە بکات، کە ئەمەش وا لە قوتابییان دەکات کە باش لە بابەتەکە تێبگەن، بۆیە تویژەر وا دەبینێت ئەگەر هەنگاوەکانی ئەم نموونەیە جێبەجێبکرێت کاریگەریی ئەرینی دەبێت لەسەر دەستکەوتی قوتابییان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەنجامی ئەم تویژینەوەیە ئاماژەی بەوە کردووە کە بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) گرنگیی زۆری هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی زانیاری لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی (بشیر، ٢٠٠٥، ٤٠٠).

## ٥-١ سەرئەنجامەکان:

١-لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی کە تویژەر لەم تویژینەوەی ئیستا پێیگەیشتووە، بەم سەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشت:-

٢- بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) کاردەکات لەسەر زیادکردنی تێگەیشتن لە خوێندنەوە، هەروەها وادەکات زیاتر کارا بن و ببنە تەوەرەی سەرەکیی وانەکە لەلای قوتابییانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی.

٣- بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا کاریگەریی کارا و بەرچاوی هەیە لە لای قوتابییانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لەسەر دەسکەوتی قوتابییان بەراورد بە بەکارهێنانی سترتیژیەتی ئاسایی.

٤- بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە وانەوتنەوەی بابەتی جوگرافیا کاریگەریی کارا و بەرچاوی هەیە لە توانای وەرگرتنی بڕیار لەلای قوتابییانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی بەراورد بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی ئاسایی.

بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەل لەبەردەم قوتابییان بۆ دیاریکردنی هەڵەکان و ڕاستکردنەوەیان لەلای قوتابییانی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی بۆ چالاکبوون لە پڕۆسەی فێربوون و فێرکردندا.

## ٥-٢ ڕاسپاردەکان:

لەژێر ڕۆشنای ئەو دەرئەنجامانەی سەرەوە، کە ئەم تویژینەوەی ئیستا پێیگەیشتووە، تویژەر چەند خاڵێک ڕادەسپێرێت-:

١- بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە وتنەوەی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی شانبەشانی ستراتیژە نوێیەکانی تری وانەوتنەوە.

٢- پێویستە ئەو مامۆستایانەی وانەی بابەتی جوگرافیای پولی هەشتەمی بنەڕەتی دەڵێنەوە ڕابهێنرین لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) لە ڕێگەی خولی شیاندنەوە.

٣- داواکردن لە سەرپەرشتیارانی پەروەدەیی و سەرپەرشتیارنی زانستیی ماموستایانی بابەتی جوگرافیا بە هاندانیان لە چونیەتیی بەکارهێنانی نموونەی (پۆسنەر) و شێوازەکانی تری وانەوتنەوە کە قوتابی تێدا تەوەرەی سەرەکیی وانەکە بێت.

٤- کارکردنی ماموستایان لەسەر توانای وەرگرتنی بڕیار لەلای قوتابی و متمانەبەخوبوون.

## ٥-٣ پێشنیازەکان:

لەژێر ڕۆشنای دەرئەنجامەکانی ئەم تویژینەوەی ئیستا، تویژەر چەند پێشنیازێک دەکات-:

١- ئەنجامدانی تویژینەوەی تری هاوشێوە لەسەر قوتابییانی پۆلی هەشتەم لەهەمان بابەت لە ڕەگەزی نێر.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لە هەمان بابەت بەڵام لە قۆناغە جیاوازەکانی تری خوێندن.

## (سەرچاوەکان)

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:


- ئاغا، شێرزاد عەلی ئەحمەد قاسم، (٢٠١٦): کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی هەژاندنی هزری لە بە دەستهێنانی دەستکەوتی قوتابییانی پۆلی هەشەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانە گوتنەوەی بابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر،کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر.

- کەریم , ئالان پشتیوان (٢٠١٤): بەکارهێنانی کارامابیەکانی دەربڕینی زارەکی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نووسراو و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لە زمانی کوردیدا, نامەی ماستەر, کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی, زانکۆی سەڵاحەددین , هەولێر.


### دووەم سەرچاوە عەرەبییەکان:


- بشير،خالد الياس(٢٠١٦):اثر استعمال استراتيجية التعليم المدمج في استعاب طلبة الصف الثامن الاساس للمفاهيم الجغرافية وتنمية استطلاعهم الجغرافي،رسالة ماجستير،كلية التربية الاساسية،جامعة صلاح الدين-اربيل.

- بشير،خليل ابراهيم واخرون،(٢٠٠٥): اساسيات التدريس،ط١،دار المناهجللنشر والتوزيع.

- البلعاوي، حسام (٢٠٠٩): أثر استخدام بعض استراتيجيات التغير المفهومي في تعديل المفاهيم الرياضية البديلة لدى طلاب الصف

العاشر الأساسي بغزة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية، غزة.

- البياري، آمال(٢٠١٢): أثر استخدام استراتيجية بوسنر في تعديل التصورات الخطأ للمفاهيم الرياضية لدى طالبات الصف الرابع الأساسي، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية –غزة.

- الجبوري، اسراء حسن علي (٢٠١٩) أثر انموذج أنتوتسل في الكتاب المفاهيم الادبية عند طالبات الصف الرابع العلمي وتنمية قدرتهن على اتخاذ القرار، رسالة ماجستير غير منشور، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة تكريت.

- الجنابي، حيدر صالح مهدي (٢٠١٨).، اثر استراتجية (P.A.K.S.A) في التحصيل و مهارة اتخاذ القرار لدى طلاب الصف الثاني المتوسط في مادة الرياضيات رسالة غير منشور، جامعة بغداد، كلية التربية للعلوم العرفة.

- الجهني، امال بنت سعيد (٢٠٢٠): فاعلية نموذجي بوسنر و فراير في تعديل التصورات البديلة لبعض المفاهيم العلمية و تنمية التجاه نحو العلوم لدى طالبات الصف الثاني المتوسط، جامعة تبوك – كلية التربية و الاداب، المجلة التربوية – العدد السادس و السبعون.

- الحوراني، نوال عبدالرحمن حمد (٢٠١٣): مقارنة بين كيفية اتخاذ القرار بين المدراء و المديرات دراسة حالة على برنامج التربية و التعليم بوكالة الغوث الدولي – غزة، كلية التجارة، قسم إدارة الأعمال، جامعة الاسلامية، غزة.

- الخياط، فراس أكرم (٢٠١١)، التدريس وفق استراتيجية (K.W.L.H) الطرق المخططة و أثرها في تحقيق التحصيل المعرفي و الجانب

التطبيقي والراعي بالعمليات اليومية بكرة الطائرة، أطروحة دكتورا، جامعة صلاح الدين.

- الدباغ، فخري واخرون (١٩٨٣)، اختبار رافن للمصفوفات المتتابعة المقنن للطرفين، مطبعة جامعة الموصل، الموصل.

- الرياطي، فاطمة محمد ابراهيم (٢٠١٥): اثر توظيف نموذجي بوسنر و K.W.L في تعديل التصورات البديلة لبعض المفاهيم الرياضية لدي طلاب الصف الرابع الاساسي بمحافظة رفح، رسالة ماجستير، كلية التربية، الجامعة الاسلامية، غزة.

- الزعانين، جمال، (٢٠١٠)، فعالية نموذج بوسنر في إحداث التغيير المفاهيمي لبعض المفاهيم الفيزيائية لدى طلبة الصف السادس بقطاع غزة واحتفاظهم بها، كلية التربية - جامعة الأقصى، غزة، فلسطين، مجلة جامعة مؤتة للعلوم الانسانية.

- السيد، أسماء(٢٠٠٨): فعالية نموذج "بوسنر" فى تصويب التصورات البديلة لبعض المفاهيم العلمية والرياضية لدى طالبات شعبة رياض الأطفال بكلية التربية بسوهاج، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة سوهاج.

- الشربيني (٢٠٠٦) فعالية أنموذج في تنمية الاتجاه نحو العمل اليدوى واتخاذ القرار و تحصيل الكيمياء لدى طلاب الصف الاول الثانوي، رسالة ماجستير منشورة، العدد الاول، مجلد تياع، مجلة التربية العلمة، مصر.

- صباريني، محمد سعيد واخرون(١٩٩٢): اثر استراتيجيات التغيير المفاهيمي الصفية لبعض المفاهيم الفيزيائية لدى الطلاب في الصف

الاول الثانوي العلمي، رسالة الخليج العربي، العدد (٤٩) السنة الرابعة عشرة.

- الظاهر وآخرون، (١٩٩٩) مباديء القياس و التقويم في التربية، دار الثقافة للنشر و التوزيع, عمان، الاردن.

- عبابنة، ضرار (٢٠٠٦): المعايير الحديثة المعاصرة لعلم الجغرافيا، عالم الحديثة و الجدار الكتاب العالمي، الاردن، ط١.

- العباجي، أمل،( 2005): أثر استخدام التعليم المبرمج وأنموذج بوسنر البنائي في تغيير المفاهيم البديلة وتنمية است ا رتيجيات التفكيرالعلمي لدى طالبات الصف الخامس العلمي في مادة الاحياء في محافظة نينوى بالع ارق، رسالة دكتوراة غير منشورة، الجامعة الأردنية، عمان، الأردن.

- علي، وفاء محمود،(٢٠٢٠) تأثير انموذج بيركنروبلايث في نتيجة القدرةعلى اتخاذ القرار و تحصيل بعض مفردات طرائق التدريس لطلاب كلية التربية البدنية وعلوم الرياضة، جامعة تكريت، رسالة ماجستير..

- العناني، حضان عبدالحميد (٢٠٠٨), علم النفس التربوي، ط٤, دار صفاء للنشر و التوزيع, عمان, الاردن.

- عودة، أحمد(٢٠٠٢)، القياس و التقويم في العملية التدريسية، دار الامل للنشر و التوزيع, إربد، الاردن.

- فلبس، دنس (٢٠٠٩): البنائية في التربية، آراء في قضايا جدلية وآراء رادة عليها، ترجمة عمر حسن الشيخ (٢٠٠٩)، ط١، دار وائل للنشر والتوزيع، عمان، الأردن

- مطر، فاطمة خليفة (١٩٨٨): بعض المفاهيم الفيزائية المغلوطة لدى الطلاب وسبل تصحيحها، وقائع ندوة تدريس الرياضيات و الفيزياء في التعليم العام في دول الخليج العربي، مكتب التربية العربي لدول الخليج، الرياض.

- ملحم، سامي محمد(٢٠١٢)، القياس والتقويم في التربية و علم النفس، ط٦، دار المسير للنشر و التوزيع، عمان، الاردن.

- المنيزل، عبدالله فلاح و اخرون (٢٠٠٦): الاحصاء التربوي تطبيقات باستخدام الرزم الاحصائية للعلوم الاجتماعية , عمان , دار السيرة للنشرو التوزيع.

- المولي، مارب محمد (١٩٩٩) أثر استخدام أنموذجي الدورة التعليمية وبوسنر في التغير المفاهيمي في مادة الفسلجة الحيوانية لدى طلبة كلية التربية جامعة الموصل "، جامعة بغداد، كلية التربية، ابن الهيثم، (أطروحة دكتوراه غير منشورة)

- النداوي , سميره محمود حسين (٢٠٠٦): اثر التدريس بتحريك الانشطة الصفية في اكتساب المفاهيم التاريخية و استيقائها لدى طالبات الصف الثاني المتوسط , رسالة ماجستير (غير منشورة) , الجامعة المستنصرية , كلية التربية الاساسية , بغداد , عيراق.

- سێیەم: سەرچاوە بیانییەکان:

- Hewson, P. and Hewson, M( 1984:(The role of conceptual conflict in conceptual change and the design of science education. Instructional Science, 13: 1-13.

- Kamuche, F. and Lidman, R.)2003:(Relationship of time and learning Retention, Available.
- Konold, C. Pollatsek (1993):A., Well, A., Lohmeier, J. & Lipson, A. Inconsistencies in students, reasoning about probability. Journal for research in mathematics education, 24 (5), 392-414.
- -Niaz, M.(1995): Relationship between student performance on conceptual and computational problems of chemical equilibrium, International Journal of Science Education, 17: 343-355.
- Posner, G & Others (1982):" Accommodation of a conception:
- Smith , B & Anderson (1993): Teaching Strategies With Conceptual Change Learning Seience , Dournal Of Research In Seience Teaching, Vol (30), No (2).

▪ Stafylidou, S., & Vosniadou, S. (2004): Students' understanding of the umerical value of fractions, A conceptual change approach. In L.Verschaffel and S. Vosniadou (Eds). Extending the conceptual change approach to mathematics learning and teaching.

# پاشکۆی ژمارە(١)

## (ناوی شارەزایان و پسپۆران)

| ژ | ناو وناونیشانی زانستی | شوێنی کارکردن | پسپۆری | تاقیکردنەوەی زیرەکی | تاقیکردنەوەی دەستکەوت | تاقیکردنەوەی وەرگرتنی بڕیار | گونجاوی پلانەکە | ڕاستگۆیی وەرگێڕان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ا.د.حامد مصطفى بلباس | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | / | / | | / | |
| 2 | أ.د. فدا أكرم سليم | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | / | / | | / | |
| 3 | أ.د. أحمد قاسم | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | / | / | | / | |
| 4 | أ.م. د. فراس أكرم | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | / | / | | / | |
| 5 | أ.م.د. سعيد نزار | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | دەروونزانی | / | / | / | | |
| 6 | أ.م.د. نسرين بهجت | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | پیوانە و هەڵسەنگاندن | / | | / | | |
| 7 | أ.م.د. فرهاد علی | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | / | / | | / | |
| 8 | أ.م.د.علی حسين علی | کۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | دەروونزانی | / | / | / | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 9 | أ.م.د.عثمان مصطفى | كۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | پێوانە و هەڵسەنگاندن | / | | / | | |
| 10 | أ.م.د.عمر مجيد آغا | كۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | پێوانە و هەڵسەنگاندن | / | | / | | |
| 11 | أ.م.د.أحمد محمد علی | كۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | / | / | | / | |
| 12 | أ.م.د.عبدالـ ستار.... | كۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | زمانی عەرەبی | | | | | / |
| 13 | م. ساكار كمال | كۆلێژی پەروەردە ی جەستەیی وزانستە وەرزشیەکان/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | زمانی کوردی | | | | | / |
| ١٤ | پ.ی.د. ساكار بهاالدين المدرس | كۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | جوگرافیا | | / | | | |
| ١٥ | پ.ی.د. طارق خضر حسن | كۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | جوگرافیا | | / | | | |
| ١٦ | پ.ی.د. هيوا صادق سليم | كۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەددین/هەولێر | جوگرافیا | | / | | | |
| ١٧ | د.هيمن محمد اسماعيل | كۆلێژی ئاداب/زانکۆی سەلاحەددین/سۆران | جوگرافیا | | / | | | |

**ملخص البحث**

**تاثير التدريس باستخدام نموذج (بوسنر) في التحصيل المعرفي لمادة الجغرافية لدى الطالبات وتنمية واتخاذ القرار**

**هدفا البحث:**

الكشف عن تاثير التدريس باستخدام نموذج (بوسنەر) في تنمية طالبات الصف الثامن الاساس على اتخاذ القرار والتحصيل المعرفي لمادة الجغرافية في مدرسة ڕۆزه في مركز محافظة اربيل.

وفي ضؤ النتائج البحث توصلت الباحثة الى اهم الاستناجات الاتية:-

استخدام نموذج (بوسنر) في تدريس مادة الجغرافية كانت لها اثر واضح لدى طالبات الصف الثامن الاساس في التحصيل المعرفي و تنمية اتخاذ القرار مقارنة باستخدام استراتيجية التعلم المتبع.

وفي ضؤ الاستنتاجات التي توصلت اليها البحث، توصي الباحثة مايلي:-

استخدام نموذج (بوسنر) في تدريس مادة الجغرافية لدى طالبات الصف الثامن الاساس الى جانب الاستراتيجيات الجديدة في التدريس.

التاكد من ان المدرسين الذين يدرسون مادة الجغرافية في الصف الثامن الاساس، يجب تدريبهم على كيفية استخدام نموذج (بوسنر) عن طريق الدورات التعليمية.

الطلب من المشرفين التربويون والمشرفين العلميين في مادة الجغرافية على تحفيزهم في كيفية استخدام نموذج (بوسنر) والاساليب التدريسية الاخرى الذي يكون فيها الطالب محورا للعملية التعليمية.

**Abstract**

**The effect of teaching by utilizing Posner's model in knowledge acquisition of geography lesson and developing decision making ability in female students**

**The study Aims to:**

Identify the effect of teaching by utilizing Posner's model in decision making ability and knowledge acquisition of geography lesson of eighth grade female students at Roza basic school in Erbil governorate.

The experimental control took the following into account: (age, intelligence level, parents literate level, students' ability of decision making).

The researcher used experiment approach depending on the tow-groups design, as the experimental group taught according to Posner's model method, while the control group according to followed method in the school. At the end knowledge acquisition test performed for both groups. The statistical package of social science (SPSS) used for data analysis**; the results show the following:-**

Utilizing Posner's model in teaching geography lesson was effective for eighth grade students in knowledge acquisition and decision making ability comparing to followed teaching method.

Utilizing Posner's model in teaching geography lesson was effective for eighth grade students in decision making ability comparing to followed teaching method.

**Recommendations:**

Using Posner’s model in teaching geography lessons for eighth grade alongside with new teaching methods.

The necessity of participating eighth grade geography teachers in training courses of using Posner’s model.

Motivating geography educational and scientific supervisors as well as teachers on using Posner’s model and other teaching methods in which the student is the main axis of the lesson.